# کۆزان



**د. ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆ:**
**لەم دوو ساڵەی دوایی**
**پێشکەوتنێکی گەورە لە کۆلێژی**
**پەروەردەی بنەڕەتی ڕوویداوە**

ژمارە ٥ بەهاری ٢٠١٥ گۆڤارێکی وەرزی رۆشنبیری گشتییە، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی دەریدەکات

## بیر بکەینەوە یان بیر نەکەینەوە: ئەوەیە پرسیارەکە!



## پرۆگرامی نووستنی منداڵ



## زانکۆ و کەرتی تایبەت

## بەرەو ڕێنووسێکی بنکەدراوەیی





## ڕۆژی کۆلێژ... ئەزموونێکی سەرکەوتوو

## عەدنان کەریم: هەموو کوردستان بۆ من وەک یەک وایە

ژمارە ٥
بەهاری ٢٠١٥

# کۆزان

گۆڤارێکی وەرزی ڕۆشنبیری گشتییە
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
لە زانکۆی سەلاحەددین دەریدەکات

**خاوەن ئیمتیاز**
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

**سەرنووسەر**
هیمداد عەبدولقەهار محەممەد

**بەڕێوەبەری نووسین**
نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

**سکرتێری نووسین**
هەڵۆ کاکەوەیس

**دەستەی نووسەران**
سیروان عارەب
ئەحمەد حەمەدئەمین
عەبدولخالق هۆرمزیار
هەوران عەبدوڵڵا
ئاشتی ڕەحمان
ڕەزوان عەبدولقادر

**دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆک**
هیمداد ئەرگوشی

## لەم ژمارەیەدا

خەرمان بەرەکەت.. پەروەردەی بنەڕەتی..........ل٢

**پەروەردەیی**

خامە لەنێوان بەبڕشتی و پەیامداریدا..........ل٣
گەیاندنێکی کاریگەر، بناغەی بەڕێوەبردنی پۆلێکی باش و سەرکەوتووە..........ل٤
ئەو ستراتیژیانەی کە بۆ چالاکردنی فێربوون بەکاردێن..........ل٦
وانە وتنەوەی سەرکەوتوو و١٠ پێداویستی سەرەکی..........ل٨
فەلسەفەی پەروەردە و ئەرکەکانی..........ل١٠
کاریگەرییە ئەرێنیەکانی هونەری نیگارکێشان لەسەر بیرکردنەوەی قوتابی..........ل١٢
چۆن منداڵەکەمان فێر بکەین تا بە ئامانجەکانی بگات؟..........ل١٤
توێژینەوەی دەرچوون و چەند سەرنجێک..........ل١٦
ئەزموونی سەرکەوتن..........ل١٨
بیربکەینەوە یان بیر نەکەینەوە: ئەوەیە پرسیارەکە!..........ل٢٠

**زمان و کلتور**

سێ جۆرەکەی وەرگێڕان..........ل٢٣
چۆن پەرە بە گەشەی زمانیی منداڵەکەت دەدەیت..........ل٢٤
بەرەو ڕێنووسێکی بنکەدراوەیی..........ل٢٦
پیجن و کریۆل..........ل٣٠
زمانی کوردی لە کۆماری باشووری کوردستاندا..........ل٣٢
قەسیدەی تۆ..........ل٣٥

**ئابووری**

ژینگە ژیانە، قەدری بزانە..........ل٣٦
سێنتەری هەماهەنگی زانکۆ و کەرتی تایبەت..........ل٣٧

**کۆمەڵایەتی و دەروونی**

پرۆگرامی نووستنی منداڵ..........ل٣٨
لە نێوان گومان و دڵنیاییدا..........ل٣٩

**مێژوویی**

سیاسەت و هەڵوێستی ئەمەریکا لە بەرانبەر دۆزی کورد لە باشووری کوردستاندا..........ل٤٠
دامەزراوەی حەریم لە دەوڵەتی عوسمانیدا..........ل٤٣

**هەمەڕەنگ**

ریشاڵە خۆراکییەکان بۆ ژیانێکی سەلامەت..........ل٤٦

**دیمانە و ڕیپۆرتاژ**

عەدنان کەریم لە دیمانەیەکدا (هەموو کوردستان بۆمن وەک یەک وایە)..........ل٤٧
ڕۆژی کۆلێژ... ئەزموونێکی سەرکەوتوو..........ل٥٠

**چالاکییەکان**

ژمارەی متمانە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان (٧٢٤)
ژ. تەلەفۆن: ٠٠٦٦٢٥٨٩١٢٠
ناونیشان: هەولێر - ڕێگای کەرکووک - بەرامبەر دێی زانکۆ
www.basiceducation-suh.com
kozan@basiceducation-suh.com

بابەتەکانی (کۆزان) تێڕوانینی نووسەرەکانیانن

# سیاسەت و هەڵوێستی ئەمەریکا لە بەرانبەر دۆزی کورد لە باشووری کوردستاندا (شۆڕشی ئەیلوول وەک نموونە)







د. ئەحمەد حەمەدئەمین

سیاسەت و هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرانبەر بە دۆزی کورد لە باشووری کوردستاندا، بابەتێکی هەستیار و گرنگە لە دونیای ئەمڕۆی سیاسەت و میدیای کوردیدا، ئەوەش وای کردووە خوێندنەوە و بۆچوونی جیاواز لە خۆی بگرێت. لێرەشدا لە سۆنگەی گرنگی ئەو بابەتە، لەم وتارەدا گەڕەکمانە لە بڕی قسەی سیاسی و میدیای، لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەینەوە و قسە لەسەر سیاسەت و هەڵوێستی ئەمەریکا بکەین بەرانبەر بە شۆڕشی ئەیلول، ئەو شۆڕشەی، کە لە ماوەی چوارده ساڵی تەمەنیدا، لە ڕووی سەربازییەوە سەرکەوتنی بەرچاوی بە دەست هێنا لە بەرانبەر سوپای عێراقدا.

دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لە عێراقدا، لە ئەنجامی هاتنە پێشەوەی چەندین پێشهاتی سیاسی، بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە بە گشتی و لە عێراقدا بە تایبەتی کەوتە بەرمەترسییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کە شۆڕش لە باشووری کوردستان لە ئەیلولی ١٩٦١ سەرهەڵدا و دواتر پەرەی سەند، ئیدارەی ئەمەریکا کە ئەوکاتە لە لایەن جۆن کەندی (١٩٦١- ١٩٦٣) سەرۆکایەتی دەکرا، لەگەڵ ئەوەدا نەبوونی شۆڕش لە باشووری کوردستان ڕووبدات و وەك کارتێك لە بەرانبەر عەبدولکەریم قاسم سەرۆك کۆماری عێراق بەکار بهێنن.

هۆکاری هەرێمایەتی یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئیدارەی ئەمەریکا هەبوو. چونکە بوونی کورد لە تورکیا و ئێران (ئەم دوو وڵاتەش وەك دوو هاوپەیمانی ڕۆژئاوا) وای کرد بوو ئەمەریکا هەست بە بوونی مەترسی بکات، بە تایبەتی دوای ئەوەی عێراق لە پەیماننای بەغدای ساڵی ١٩٥٥ چوویە دەرەوە، ئیدی ئەو بابەتە مەترسی ئەوەی دروستکردبوو کە ڕووداوەکانی باشووری کوردستان بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان بگوازرێتەوە. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە مانەوەی مەلا مستەفای بارزانی و هاوڕێکانی بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لە یەکێتی سۆڤیەتدا، بەرپرسە ئەمەریکییەکانی خستبووە گومانەوە. سەرباری ئەوەش دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا لەوە دڵنیابوون کە دەسەڵاتەکەی عەبدولکەریم قاسم دوور و نزیك نامێنێت، بەمەش پێویست ناکات لە ڕێگای کوردەوە ئەو کارە ئەنجام بدەن.

شایەنی باسە، ئەمەریکییەکان لەگەڵ پەرەسەندنەکانی شۆڕش تووشی دڵڕاوکێی هاتوون، لەبەر ئەوەی پێیان وابووە، مەترسییەکی گەورە



له‌ سه‌ر سوپای عێراقدا هه‌یه‌. ئیدی بوونی ئه‌و نیگه‌رانییه‌ش وای كردووه‌ په‌رۆشی سه‌ركه‌وتنی دانوستانه‌كانی نێوان حكومه‌تی عێراق و سه‌ركردایه‌تی شۆڕشی كورد بن، كه‌ له‌ دوای كوده‌تای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و هاتنه‌ سه‌ر ده‌سه‌ڵاتی به‌عسییه‌كان هاتبووه‌ پێشه‌وه‌. بۆیه‌ لەم قۆناغه‌دا ئه‌مه‌ریكییه‌كان دووپاتی ئه‌وه‌یان كردۆته‌وه‌، دۆزی كورد بابه‌تێكی ناوخۆیی عێراقه‌ و پێویست به‌ ده‌ست تێوه‌ردانی ناكات. دواتریش به‌وه‌نده‌ نه‌وه‌ستاون، ئه‌گه‌ر بزانیین هاوكاری سه‌ربازییان پێشكه‌ش به‌ عێراق كردووه‌.

له‌م هه‌لومه‌رجه‌دا، یه‌كێك له‌ ئامانجه‌كانی سه‌ركردایه‌تی شۆڕشی ئه‌یلول، به‌ ده‌ست هێنانی پاڵشتی ده‌ره‌كی، به‌ تایبه‌تی ئه‌مه‌ریكا، چونكه‌ وێڕای ئه‌وه‌ی مه‌لا مسته‌فای بارزانی ماوه‌ی ١٢ ساڵ له‌ یه‌كێتی سۆڤێت مابووه‌یه‌وه‌، به‌ڵام ئه‌وه‌ ڕێگر نه‌بوو كه‌ ئاڕاسته‌ هه‌وڵه‌كانی ناوبراو به‌ره‌و ڕۆژئاوا به‌ گشتی و ئه‌مه‌ریكا به‌ تایبه‌تی بێت، ئه‌گه‌رچی له‌و دڵنیا بوو كه‌ تا ئه‌و كاته‌ ئه‌مه‌ریكییه‌كان ئاماده‌ی ئه‌وه‌ نیین كه‌ به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی قوربانی دۆزی كوردی بكات.

به‌ته‌نگه‌وه‌ نه‌هاتنی ئه‌مه‌ریكییه‌كان، سه‌ركردایه‌تی شۆڕشی ئه‌یلولی تووشی نائومێدی ته‌واو نه‌كرد، بۆیه‌ كه‌وتنه‌ هه‌وڵی ئه‌وه‌ی نیگه‌رانییه‌كان بڕه‌وێنه‌وه‌، به‌ تایبه‌ت ئه‌و مه‌ترسییه‌ی، كه‌ پێی وابوو شۆڕش ده‌گوازرێته‌وه‌ بۆ توركیا و ئێران. له‌م باره‌یه‌وه‌ سه‌ركردایه‌تی شۆڕش له‌ ڕێگای ڕۆژنامه‌كاندا، ئه‌مه‌ریكا و دوو هاوپه‌یمانه‌كه‌ی (ئێران و توركیا) له‌و بابه‌ته‌كه‌ دڵنیاكرانه‌وه‌. ئه‌وه‌ له‌ لایه‌ك، له‌ لایه‌كی دیكه‌وه‌ سه‌ركردایه‌تی شۆڕش هه‌وڵی ئه‌وه‌یدا له‌ ڕێگای نوێنه‌رییه‌كانییه‌وه‌ هاوكاری ئه‌مه‌ریكا بۆ خۆی ده‌ستبه‌ر بكات. لێره‌شدا ئه‌گه‌رچی ئه‌و هه‌وڵانه‌ كاریگه‌ری له‌سه‌ر گۆڕینی هه‌ڵوێستی ئه‌مه‌ریكا نه‌بوو، به‌ڵام ئه‌مه‌ریكییه‌كانی تووشی نیگه‌رانی ئه‌وه‌ كرد بوو، كورد له‌ بێ ئومێدی ئه‌واندا په‌نا بۆ هاوكاری یه‌كێتی سۆڤێت ببات. بۆیه‌ له‌م چوارچێوه‌دا هه‌ندێك له‌ ڕۆژنامه‌كانی ئه‌مه‌ریكا كه‌وتنه‌ پروپاگه‌نده‌ی ئه‌وه‌ی له‌ لایه‌ن ئه‌مه‌ریكاوه‌ هاوكاری پێشكه‌ش به‌ شۆڕش كراوه‌، تا له‌و ڕێگاوه‌ كورد له‌ یه‌كێتی سۆڤیه‌ت و وه‌رگرتنی هاوكاری دوور بخه‌نه‌وه‌، هه‌روه‌ها گومان له‌سه‌ر كورد له‌ لایه‌ی سۆڤیه‌تییه‌كان دروست بكه‌ن.

له‌م قۆناغه‌دا، دۆزی كورد و شۆڕشی ئه‌یلول ده‌بێته‌ یه‌كێك له‌ بابه‌ته‌ گرنگه‌كانی نێوان ئه‌مه‌ریكا و ئێران، ده‌سه‌ڵاتدارانی ئێران مه‌ترسی و نیگه‌رانییه‌كانی خۆیان له‌گه‌ڵ ده‌سه‌ڵاتدارانی ئه‌مه‌ریكا باس ده‌كه‌ن و وا لێكده‌ده‌نه‌وه‌ مه‌ترسی له‌سه‌ر ناوچه‌كه‌ هه‌یه‌ و هۆكارێكه‌ بۆ زیادبوونی ده‌سه‌ڵاتی سۆڤییه‌ت. به‌ڵام ئه‌وه‌ی جێگای باس كردنه‌، كاتێك مه‌لا مسته‌فای بارزانی ده‌كه‌وێته‌ په‌یوه‌ندی گرتن به‌ ئێران، ئێرانیش كه‌لكه‌له‌ی به‌ستنه‌وه‌ی باشووری كوردستان به‌ وڵاته‌كه‌ی ده‌كه‌وێته‌ فكرییه‌وه‌، ئه‌گه‌رچی ئه‌مه‌ریكییه‌كان ڕه‌تی مه‌سه‌له‌كه‌ ده‌كه‌نه‌وه‌ و داواش له‌ ئێران ده‌كه‌ن ده‌بێت ڕێز له‌ سنووری نێوده‌وڵه‌تی بگرێت.

جێگای ئاماژه‌ بۆ كردنه‌، له‌گه‌ڵ به‌ره‌و پێشه‌وه‌ چوون و سه‌ركه‌وتنه‌كانی شۆڕش له‌ ڕووی سه‌ربازی و سیاسییه‌وه‌، ئه‌مه‌ریكییه‌كان له‌ سه‌رده‌می ئیداری (جۆن سۆن ١٩٦٣-١٩٦٨) و دواتریش له‌ سه‌ره‌تاكانی سه‌رده‌می ئیداری (نیكسۆن ١٩٦٩-١٩٧٥)دا، سوور بوون له‌سه‌ر سیاسه‌ت و هه‌ڵوێستی خۆیان له‌ به‌رانبه‌ر شۆڕشی ئه‌یلول و دۆزی كورد له‌ باشووری كوردستاندا. به‌ڵام له‌ ئه‌نجامی هاتنه‌ پێشه‌وه‌ كۆمه‌ڵێك فاكته‌ری سیاسی و ئابووری و سه‌ربازی له‌ ناوچه‌كه‌دا به‌ گشتی و له‌ عێراقدا به‌ تایبه‌تی، ئه‌مه‌ریكییه‌كان ناچار به‌ هه‌ڵوێست گۆڕین هاتن، به‌مه‌ش ساڵی ١٩٧٢ ڕه‌زامه‌ند بوون له‌سه‌ر پێشكه‌شكردنی هاوكاری به‌ شۆڕش (ئه‌گه‌رچی هاوكارییه‌كان وه‌ك پێویست نه‌بوون و له‌ ڕێگای ده‌ستی دووه‌مه‌وه‌ بوون) .

هۆكاره‌كانی گۆڕینی هه‌ڵوێستی ئه‌مه‌ریكا به‌رانبه‌ر به‌ شۆڕش ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ ئه‌م خاڵانه‌ی خواره‌وه‌.

١- خراپبوونی په‌یوه‌ندییه‌كانی ئه‌مه‌ریكا له‌گه‌ڵ عێراق، له‌ دوای شه‌ڕی عه‌ره‌ب- ئیسرائیل ساڵی ١٩٦٧، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له‌و شه‌ڕه‌دا ئه‌مه‌ریكا پاڵپشتی له‌ ئیسرائیل كرد و ده‌سه‌ڵاتدارانی عێراقیش ڕه‌تی هه‌ر هه‌نگاوێك و پێشنیارێكی ئه‌مه‌ریكایان كردووه‌ كه‌ به‌ ئاشتی دۆزی فه‌له‌ستین چاره‌سه‌ر بكات.

٢- تێكچوونی په‌یوه‌ندییه‌كانی نێوان عێراق – ئێران به‌ هۆی پێشكه‌شكردنی هاوكاری له‌ لایه‌ن ئێرانه‌وه‌ بۆ شۆڕش، له‌گه‌ڵ

سـەرهەڵدانەوەی کێشـەی کەنداو سـاڵی ١٩٦٩، لەبەر ئەوەی ئێران هەندێك مافـی عێراقییەکانی بەزاندبوو لــە ناوچەکەدا، کە بە پێی ڕێکەوتنی پێشووتر لەسەری ڕێکەوتبوون.

٣- گۆڕینی هەڵوێسـتی عێراق و نزیکبوونەوە لە یەکێتی سۆڤێیەت و ئیمزاکردنی گرێبەستی نەوت ساڵی ١٩٦٩.

٤- خراپ ڕەفتارکردنی دەسـەڵاتدارانی عێراق بەرانبەر بە سەفارەتی ئەمەریکا، بە تایبەت کە حکومەتی عێراق لەم ماوەیەدا دەسـت بەسەر هەندێك کەل و پەلی سەفارەتی ئەمەریکا لە عێراقدا گرتبوو.

٥- هەوڵەکانی ئیسـرائیل بۆ ڕازیکردنی دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا بۆ نزیکبوونەوە لە کورد و پێشکەشکردنی هاوکاری بۆی.

٦- ڕێکەوتنی ٩ی نیسـانی ١٩٧٢ نێوان عێراق و یەکێتی سۆڤێیەت، لــە ژێر ناوی پەیماننامەی هاوکاری و هەماهەنگی، کە ئەمەریکا بە مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی لە کەنداو و هیندستان لێکیدەدایەوە.

٧- خۆماڵیکردنی نەوت لە ٢ی حوزەیرانی ١٩٧٢ لە لایەن حکومەتی عێراق، ئەمەریکییەکانی تووشـی نیگەرانی کـرد بوو، لەبەر ئەوەی دوو کۆمپانیـا بەرهەمهێنانی لە عێراق پەکیـان کەوت، جگە لەوەش ئەمەریکییەکان پێیان وابوو ئەو بابەتە مەترسـی لەسەر بەرهەمهێنانی نەوت لە جیهاندا دەبێت.

٨- داواکردنـی محەمـەد ڕەزاشـا بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ بۆ پێشکەشـکردنی هاوکاری بە شۆڕشی ئەیلول لە سەرۆکی ئەمەریکا، لە کاتێکدا کە سەرۆك (نیسکۆن) لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٧٢ سەردانی تارانی پایتەختی کردبوو.

هەمـوو ئەوانـەی ئاماژەیان بۆ کرا، فاکتەری کاریگەربوون لەسـەر گۆڕینی هەڵوێسـتی ئەمەریکا بەرانبەر بە شۆڕشـی ئەیلول، بەڵام دەبێت باس لە سـوور بوونی سـەرکردایەتی شۆڕشـیش لەسەر ئەو مەسـەلەیە بکەین، بۆیە دەکرێت بڵێیـن ئەوانەی وتران زەمینە ئەوەی هێنایە پێشـەوە، تا لە ٣٠ حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢ ئیدریس بارزانی و مەحموود عوسمان سـەردانی ئەمەریکا بکەن، ناوبراون لەم سەردانەدا چاویـان کەوت بە نوێنەرانی حکومەتـی ئەمەریکا و داواکارییەکانی خۆیان خسـتە بەردەمیـان، کە خۆی لە داننان بـە ئامانجی کورد و گەیشتن بە ئۆتۆنۆمی، پەیوەندنی بەردەوام لە نێوان ئەمەریکا و کورد بە شێوەیەکی نهێنی، پێشکەشکردنی هاوکاری سەربازی و دامەزراندنی پەیوەنـدی هەواڵگری و دانانی ئامێـری تایبەت بە کورد دەبینییەوە.

ئەنجام داواکارییەکان پەسـەند کران و هەر زوو ئەمەریکییەکان هەوڵی ئەوەیاندا هاوکارییەکان پێشـکەش بکـەن، ئەگەرچی هەوڵدرا هەموو هەوڵەکان بە نهێنی بمێنێتەوە، ئەمەش بە بیانوونی ئەوەی (نیکسـۆن و هنری کیسـنجەر) نەیان ویسـتووە ئاژاوە و پشـێوی لە ناو ناوەندە سیاسییەکانی ئەمەریکا بنێنەوە.

ڕازی بوونـی ئەمەریکییەکان لەسـەر پێشکەشـکردنی هاوکاری و پەیوەندییان لەگەڵ سـەرکردایەتی شۆڕش درێژە ناکێشێت، ئەمەش لە ئەنجامـی هاتنە پێشـەوە کۆمەڵێك ڕووداو و پێشـهات و بارودۆخی

# ئایا ئەمەریکا لە ئێستادا سیاسەت و هەڵوێستێکی ڕوونی بەرانبەر بە دۆزی کورد لە باشووری کوردستاندا هەیە؟

سیاسی لە ناوچەکەدا لە وانە:

١- نزیکبوونەوەی دەسەڵاتدارانی عێراق لە ئەمەریکییەکان لە سەرووی هەموویانەوە سەدام حوسێن.

٢- ڕۆڵی تورکیا لەنزیکردنەوەی عێراق و ئێران، عێراق و ئەمەریکا.

٣- نزیکبوونـەوەی عێراق و ئێران لە یەکتر بە ئامانجی دانوسـتان و ڕێکەوتن و کۆتایی هێنا بە کێشەکانی نێوانیان.

٤- بوونی بیرۆای سیاسییەکانی ئەمەریکا، بە تایبەت هنری کیسنجەر، لەبەر ئەوەی ناوبراو پێی وابوو نابێت لەبەر دۆزی کورد پەیوەندییەکانیان بە ڕووی عێراقدا دابخەن.

٥- مەترسـی ئەمەریکییەکان لە ناوچە نەوتییەکانی کەرکووك لەوەی بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و دواجار ئەزمەنی وزەی لێبکەوێتەوە.

٦- سووربوونی ئەمەریکییەکان لەسەر چارەسەر بوونی دۆزی کورد لە چوارچێوەی عێراق.

ئەنجام لەگەڵ هاتنە پێشـەوەی ئەو ڕووداوانە ئەمەریکا لەم قۆناغەدا پشـتی کردە دۆزی کورد، بەمەش دۆزی کورد لە باشووری کوردستان بە بەسـتنی ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە ٦ی مارتی ١٩٧٥ و دواتریش نسکۆ شۆڕش پێنایە قۆناغێکی نوێوە.

دواجار لە ژێر ڕۆشـنایی خوێندنەوەی لاپەڕەکانـی دوێندا، دەکرێت بپرسـین ئایا ئەمەریکا لە ئێستادا سیاسـەت و هەڵوێستێکی ڕوونی بەرانبەر بە دۆزی کورد لە باشـووری کوردستاندا هەیە؟ ئایا مەترسی ئەوە ناکرێت لەسەر هەڵوێستی خۆی (دۆزی کورد بابەتێکی ناوخۆی عێراقە) سوور بێت؟.

سەرچاوەکان

١- عزيز حسن بارزاني، الولايات المتحدة الامريكية و المسالة الكوردية في العراق. ١٩٦١- ١٩٧٥، اطروحة دكتورا، غير منشورة، مقدمة الى كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل.

٢- ماریانا خاروداکی، کورد و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پێوەندییە ناودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوین لە ١٩٤٥ەوە، وەرگێرانی: مامکاك، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی ئاراس، ٢٠١١).

٣- وریا رەحمانی، مێژووی پەیوەندییەکانی کورد و ئەمەریکا، (هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات،٢٠١٢).